

# هه ڵم

ئەوەی بە گوڵی جەستەمەوە
لق و پۆی کردوە ،
تەتووی جەسارەتە
نەک شریخەی قامچی..
ئەوەی بە چڵی ئولفەتمەوە رادەژێ
سروودی نەمري يە
نەک سەرکەوتنی تو..

* * *

بەر لەوەی نووکی رق
لە کرتاندنی گەردنی گول گیر کەی
ئەو چاوی تۆی پر کرد
لە دڕکەزی ڕەفز..
پێیەکانت بە تەل دڕووی
راوەدوونان هە لا هە لا..
بەر لەوەی داوای پەنابەری
لە ئەستێرە بکەی..
ئەو دەیان پوولی نا بە کێسە
هە لبەستراوەکانی دوو ڕوویيت..
سنووڕداشی سنوورەکانی
ترسنۆکی کردیتەوە..
شێری شکۆداریت
بۆ بێشەی بەدفەری و
پلینگی پیاوەتیت
بۆ قاوغی بەرتەسکی قەلەندەری..
جوامێریت دە پەنجەی لەرزۆکە
قایشی پیاوەتی
پێ لە مومارەسەی وەحشیەت ناکرێتەوە..
هە رەشەت دوو ناو لەپی زبرە

میلی کلاشینکۆفێکی

بۆ ناخریته بەر کەلکەلەی شەهید بوون..
فریای شپرزەییت کەوە
با سێرەت لە ئاوێنەی خیانەتدا
نەبێ بە هە ڵم..
جەنگەکانت کلۆم دە
دارشەقەکان لەبەر
کەمئەندامەکان دەبڕێن..
تیکەکانی بەزەیی
لەبەر کەلاوە هە تیوەکان..
تۆ لەبەر خۆت..
دیقەتی خۆت بدە
هە ترەشت بە کەناری بێئۆقرەییەوە
زەرد هە لگەرا..
ئابرووت وەک بەختم رەش..
خوێنم لە چاوتا سوور سوور..
نەبەردیت هە لپەسێرە
جورئەتت بە فریای دەربازی
بریندارەکانی غیرەت ناکەوێ..
تانووتەکانت قووت دە
زمانی سەروەریت
لەبەر ددانی شکستي
خەریکە دەقرتێ..
تاو دە نابووتیت
عەرشی دەسەلاتت
هە تا دێ دەلەرزێ..
قارەمانێتیت قفل دە
مێژووت قەترە قەترە
شەرمی لەبەر دەروا..
نەعرەتەت لە کەللەی سەرمدا
زڕڕەی دێ!!!!

**کەژال عەلی**

**پێشکەشە بە گەزالە و هە موو قوربانیانی رێگای ئازادی**